# كوردستان : دۆینێ بەزڕەپوونگێ*!

**نوورەدین وەیسی**

لەوەتەی گەڕاومەتەوە ولّات زوو زوو لێم دەپرسن كوردستانم چۆن دیتووەوئایا لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی ئەز لەدەرەوە بووم هیچ گۆڕانكارییەكی ئەرێنی روویداوەو كوردستان بەرەو پیشڤەچووە یان نا؟
ڕاستییەكەی نكوڵی لەوەناهێتەكرنێ كەلێرەولەوێ —بەتایبەتیش لەهەولێرێ— هێندێك پێشڤەچوون لەواری ئاوەدانكردنەوەودروستكردنی جادەوبان وتەلارو باڵاخانەوپارك وبازاڕ دەبینرێن، هەرچەندە ئەو گۆڕان وپێشڤەچوونانە هەرگیز لە ئاستی ئەو پڕوپاگەندانەدا نین، كەلە دەرەوە لەبارەی پێشكەوتنی كوردستان لەمیدیای پارتی ویەكێتی دەمانژنەفت، بەڵام بەگشتی لەرووی كارگێڕی بێسەروبەری وبەفیڕۆدانی داهات ولەواری سیاسیی دۆڕان وتێكشكان ولەبواری كۆمەڵایەتیشدا داخران وپاشڤەڕۆییەكی باڵكێش لەكوردستان هەس.
جارێ لەڕووی ڕامیارییەوە، دوای تێپەڕینی چوارساڵ بەسەر رووخانی رژێمی بەعس موعەممەر قەزافی گوتەنی كورد لەمەولوودەكە بەدەستی خاڵی وبێ نۆك لێی هاتۆتە دەرێ، چش لەكەركوك كەلەدەستمانچوو وهەرئەوەندەمان بۆماوەتەوە وەك جاران سروودوگۆرانیی بەسەردا بڵێین وبەقسەی رووت بیلاوێنینەوە، تەنا نەت مەخمووریش كەهەربستەڕێیەك لەهەولێرێ دوورە هێشتا كوردستان نییە.

حكومەتی ئێراق هەر لەكن راگەیاندنی پارتی ویەكێتی فیدرالییە، زمانی كوردیش نەتەنها لەسەر هیچ بەڵگەنامەودێكۆمێنتێكی ئێراقی نییەوهیچ بەرپرسێكی عەرەبی ئێراقیش نییە ڕستەیەكی بەسوودی كوردی بزانێ یا تێی بگا، بەڵكو بەرپرسانی كوردستانیش خۆیان لەبابەتی فەرمیبوونی زمانی كوردی لەئێراق نەبان كردووەوهەرباسیشی ناكەن، لەكاتی هاتنی بەرپرسێكی بێدەسەڵاتی ئێراقیش بۆكوردستان، لەبەرخاتری وی لەكۆنگرە رۆژنامەوانییەكان بە عەرەبی دەئاخڤن ومامجەلالیش چەند جارێك شانازی بەوەكردووەعەرەبییەكەی لەكوردییەكەی باشترە، ڕاستییەكەشی وانییەو ئاكسنت وشێوەی ئاخافتنە عەرەبیەكەی زۆر كوردەوارییانەیە.

جێی سەرنجە هەنووكە رۆژبەرۆژ بەعەرەبكردن لەكوردستاندا لەپەرەسەندندایە، نووسینی سەرەكی بەشێكی زۆری تابلۆی بازاڕوشوێنە گشتییەكان هێشتا هەر عەرەبییە وروو لەهەرلایەكیش دەكەی هەرگوێت لەگۆرانی وئاوازی عەرەبی دەبێ، هێشتاش لەزۆردامودەستگای حكومەتی كوردستان هەتا عەرەبی هەبێ كوردی بەكارناهێنن، بەتایبەتی لەدهۆك، لە زۆر هوتێل ورێستورانت وشوێنەگەشتوگوزارییەكان دەبێ بەعەرەبی قسەبكەی دەنا ئیشت ناڕوا، تەنانەت ئەو كرێكارە كوردە داماوانەی لە كۆمپانیا توركییەكان كاردەكەن بۆیان نییە تەماشای تەلەڤزیۆنە كوردییەكان بكەن، لەچێشتخانەوهاڤینگەیەكی بناری چیای كۆڕەك و هەندرێنیش عەرەبێك لێت قیت دەبێتەوەوپێت دەڵێ تفەزەل شترید؟!

لەكارگێڕی وبەڕێوەبردنیشدا، وێڕای گەندەڵییەكی بێوێنەودزی وكەموكورتی لەوپرۆژانەی دەكرێن وبەفیڕۆدانی داهاتی كوردستان، بێسەروبەری ورۆتین وبیرۆكراسییەكی بێ ماناش هەیە، هەربەناو حكومەتێكی یەكگرتوو هەیە، دەنا پارتی لەدەڤەری سلێمانی ویەكێتیش لەهەولێرودهۆك خۆیان بەمیوان دەزانن وبراگەورەی هیچ بەدەستن، بڕیارەكانی سەرۆكی كوردستان لەنێوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكێتی جێبەجێ ناكرێن وهەڵدانی ئاڵا شووم ونەگریسەكەی ئێراقیش نموونەیە.

لـەڕووی جڤاکیـشەوە ڕەوتـە دواکەوتووسـەلەفییەکانی کوردسـتان لەپەرەسـەنندان و قـسەیان زۆر چـاك دەڕوا، ژنـانی کوردسـتان لەسەختترین ودژوارترین باردا دەژین وژنانی پاکستان وئەفگانستانیش ئێرەییـان پێنـابن، لەبـەر ئـەو سـتەم وزەبروزەنگـەی ڕووبـەڕووی ژنانی کوردستان دەبێتەوە، خەریکە ڕووی ئەوەت نەبێت بڵێی کـوردم، بەتایبـەتی لـەدەرەوە، ڕوو لەهـەر دانیـشتن وکۆڕوکۆبوونەوەیـەك بکەی تاك وتەرا ژن دەبینرێت، کۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە ئەوەندە ئەنتی ژنە، ئەگەر ژنێك لێرەولەوێ کارو پۆستێکی پێ سپێردرا، ئیدی گەورەو بچووکی پیاوان لێی دەخوێنن وهەزار شێروڕێوی لێ دەبیننەوەو هەتا لەسەر کاری لانەبەن دڵیان ئاو ناخواتەوە
.

لەکن من پێوەری پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگەیەك، لەبەرچاوگرتن وڕێزگرتنە لەمافـەکانی مـرۆڤ بەگـشتی ومافـەکانی ژنـان بەتایبـەتی، بۆیـە کوردستان بۆی نییە بانگەشەی پێشکەوتن بکا، چونکە لەسـاڵێکدا سـەدان ژن لەسەرخۆشەویـستی وپەیوەنـدی سێکسی بەدڕندانـەترین شێوە دەکوژرێن، گاڵتەجارییە کوردستان لاف وگەزافی مۆدێرنێتی وپێشکەوتنخوازی لێبـدا، لەکاتێکدا بەشـێکی زۆری ژنـانی کوردسـتان لەکونجی ماڵەوە ئاخنراون وبۆیان نییە سەر دەربێنن، مافی خوێندن، هەڵبژاردنی هاوسەر، گەڕان وسووڕان وتەنانەت جل لەبەرکردن وزۆر مافی سادەی دیکەشیان لێ زەوتکراوە.

لەهەموو دەردانیش بەئازاروژانتر، بێباکی وکپبـوونی هەسـتی نەتەوەییـە، لەکاتێکدا ئێمـە هێـشتاش لـە قۆنـاخی ڕزگـاری نیـشتمانیداین ولەهاوکێشەکانی سیاسەتی نێودەولەتیدا هیچ لێکدانەوەوحیسابێکمان بۆ ناکرێت، هەرچەندە جاروبار لێرەولـەوێ پروپاگەنـدەی ئـەوەش دەکرێ کە گۆیا ئەزموونی باشووری کوردستان بەرەو دەولەتبوون دەچێ، ئەگەر ئەو پێشبینییە بەڕاست وەرگـەرێ، ئـەوە بەدڵنییایـەوە کورد هیچ دەستی لەو بەدەولەتبوونەدا نابێ وکوردستان بەڕێکەوت دەبێ بەدەولـەت، چـونکە کـورد بـێ بەرنامـەترین خـەڵکی ئـەم سـەر زەمینەیە.

*** "دۆینێ بەزڕەپوونگێ" خواردنێکی کوردەواری تەڤلیهەڤ وتێکەڵ وپێکەڵی دەڤەری سۆران ورواندزێیە.**